# ئەڕۆم ولەئێوارەیەکی بێدەنگا ئەخنکێم

حسێن ئەحمەد

2002/1/20

ئیتر چاوەڕێی ڕۆژناکەم هەڵبێت
چاوەڕێی کۆتر ناکەم بەم هەموو گمەوە
دەنووک لەسەر دەخڵەکانی خەیاڵم ڕاگرێت
قاچیگیرکات لە چڵە مردوە کانی سەر سینەم
دڵی بە پێکە نینێکم خۆشکات ئەو کاتەی
باخچە نوکتەم لەسەر خیلافەکانی عەشق بۆ ئەگێڕێتەوە
گوولۆ بە درۆکانی پەروانە پێ ئەکەنێت
شەیتان دەست ئەگرێت بە نووری خوداوەو
بێشکەی ئازارە کانی بەهەشت ڕا ئەژەنێت
ئیتر چاوەڕێی کردنەوەی دەرگاکانی بەیانی نیم
نامەوێت وەک سەرخۆشێکی بێتاقەت بەمەرگی خۆی
گوێم لەژاوەژاوی ئێوارە لێڵەکانی مردن بێت
دەستم لەملی دەوەنە خێچەکان بکەمەوەو هاوار کەم
ژیان بریتییە لەسەر گەردانی  جەنگاوەرێکی دۆڕاوی ناو جەبهە
ژیان بریتییە لەو تووڕەهاتەی کەسمان ڕویەکی خۆشی نادەینێ
سەیرکە من ئیترلەم بازاڕی گوومانەیا
پێکەنینم بەهاواری کاسبکارە بێ ئیشەکان دێت
پێکەنینم بە لا لاٚنەوەی ئەوپیرە مێردە تاریکە دێت
کە هەمیشە بەشەرمێکی تۆخەوە ئەڵێت
وەرنەوە دوو دەسک ئەشق بەرنەوە بە هەرِاج
دووکیلۆ بەرائەت بەپێکەنی نێک شەرم لەکەو تێ
ئەم سنەوبەرە پیرانە نەکات

عەلاگەیەک ژیان بەفڕینێک
هیچ ئاسمانێک تێینەگات
فڕینی کۆترە، نەورەسە، یان بولبول
ڕەنگە من دواجار شەرم لە دووبارە کردنەوەی
هەموو ئەم شتانە بکەم کە بۆ تۆی جێ دێڵم یاوەر
ئا مانەتی تۆو ژیان یاوەر
ئامانە تی تۆو ئەو قەدەرە بەدەی
نەی هێشت لە سوچێکا گوێ لە گڕوگاڵە کانی خۆم بگرم
گوێ لە پاڕانەوەی شەو بگرم لە خوودا
گوێ لە کڕوزانەوەی دەریا بگرم
ئەو کاتەی وەک دڕندەیەکی بەزیوو
لەسەرقولاّیە کانی خۆیەوەگینگڵ ئەیات
لەوبەری مەراقەوەئەقیژێنێت
من دۆڕام ئەی خودا
من تیاچوم ئەی ژیان
من خارام لەباوەشەساردەکانی ڕۆحی خۆمدا
ئیترنام پەرژێت بەدیارترپە عەجولەکانی دڵمەوە
بیرلەدوبارکردنەوەی ڕێگاکاڵەکانی ئێوارەبکەمەوە
تەماشایاوەر
ئەی مەخلوقێک بەم شمێشێرەژەنگاوییەی من پێئەکەنیت
من ڕەنگەلەدوای نوسینی دواهەمین دێڕی ئەم قەسیدە ناکاملّەمەوە
تاقەتی فڕێدانی کلاّوەشەڕەکەی سەریشم نەمێنێت
نەتوانم لەجێی پاسارییەدڵشکاوەکانی ئەم جەهەنەمی فیراقە
فێری ڕاوەستان بم لەبەردەم باخچەیەکی بێڕەنگا
فێری تێڕامان ببمەوە لەوکۆلاّنەبێدەنگانەی
ڕۆژگارێک بەدەم هەنگاوەپەڕپوتەکانی خۆمەوە

بەخورپەسەرتەنهایەکانماپێدەکەنیم و

بەقاقایەکی خەست بەسەرکچەئاڵەکانیادەستمەکردبەگریان

بەڵام ئەگەرلەدێرێکداوونبوموبۆئەبەد بوم بەژێرهەرەسەکانی خۆمەوە

تۆپیاسەی ئەم نائومێدیەم بگەیەنەکۆتا

تۆشەری ئەم بێقەراریەم لەمەوسیمی شیعرێکادەست پێکە

کەقەراربومن لەیەکەمین دێرەوە

کوچەخامۆشەکانی دڵم

ببێت بەژێرپێ قڵیشاوەکانی مەغرییەوە

بیرت نەچێت لەهەرجێیەک ژیان دەستی بەشێلانی قورەخەستەکانی

بێدەنگی کرد یەکەمین کائین تۆئەگرێتە خامۆشی و

یەکەمین کەس من لەسەرمنارەبەرزەکانی دوای شەر مۆمیا ئەکات

درەنگەمن دەرۆم

ئەم جارەیان دوارستەی ئەم عەبەسەلای تۆ جێئەهێڵم و

بەتەنها خۆم و مەرگ بەتەنها خۆم و مەراق سەر ئەنێین بەم شەقامە لێڵانەوە

ئەزانم لەدوای شەی پورژەنەپیرەکانەوە

من فوبەکەرەناکانی مردنا ئەکەم و

ئەم هەموو گەرەلاوژەیەئەم هەمووەشپرزەییە لەسینگی خۆما زیندوودەکەمەوە

بەڵام نیگەران نیم کەوەک کچێکی زۆر عەیار

دەم بەدەمی بێهوودەیەوە ئەنێم و

لێوم لەبەینی ماچە کانی ئەم قەشمەریانەدا جێ ئەمێنێت

ئاخرناکیمی هیمی هی منەو

لەدەرەوەی منیش مردن بەخۆی و زەلکاوە کانییەوە

بەخۆی و دەعەجانەکانییەوە

بەخۆی و پاساوانەجەریئەکانییەوە بادەی باو

گۆرستان گاڵۆکەکەی لەمۆزەخانەی بیرەوەریە کانی خۆیداهەڵناگرێت

باخچەدەستی پرنابێت لەوردەزیخی عوومری ئەو

ژیان وەک هەرزەکارێکی ناکامڵ پڕبەخۆی ئەتریقێتەوەو
خۆڤی بروسکەکانی فەتارەت نایخاتەژێرکەوای پیرێژنێکی ماتەوە
ڕونەلێم لەپاش تێپەڕینم بەم شەقامەخواروخێچانەیا
عەشق بەختەوەرئەبێ وباخچەیەکەمین ڕەنگی ئاولەبەرۆکی یاسەمینەکانی ئەیات
یەکەمین تەنبوری شکۆفەلەسەرسینەی بەیانییەیکی خەست ئەژەنێت
ئیدی بۆچاوەڕێی وتنی ئەم حیکایەتانەم لێ ئەکەی
بڕۆلەدەرەوەی من باڵ بگرە
بفڕەبەسەرئەم قەدەرە پوچانەیا بەسەر باوەشی دەریادا
بفڕەبەسەرئەوچۆلەکانەیاتائەمرن لەخۆشاردنەوەی نێورۆژەکان ماندوو نابن
تائەوەرێن وسلّی ئەم هەمووە ترسەیان بۆدەر ناکرێت لەناوگۆمێکی بێدەنگا
ئیدی لێم گەڕێ ئەڕۆم و لەپەش من تۆبەسەر ئەمرۆژە هیلاکانەی مندا بڕشێرەوە
بڕشێرەوە بەناولەپی بەیانیدا بڕشێرەوە بەسەروملی ئەمڕۆیا
بڕشێرەوە بەسەرقسەی مامۆستاکانی مات ماتیکا
منیش لە دوای تۆ
خۆم بەسەر خودایا ئەکێش مەوە
خۆم بەسەرباخچەیا ئەکێش مەوە
خۆم بەسەر مردنا ئەکێش مەوە
خۆم بەسەرژیانا ئەکێشمەوە
خۆم ڕا ئەخەم و ئیدی دڵنیام ڕۆژی من هەڵنایەت
ئیدی ئەزانم بێما نام و
چاوەڕی هیچ ڕەحمێک ناکم لە خودا

2005/1/20